ڕێئیسی:سەرۆک وەزیرانی عێراق کار بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئێران دەکات

ئیبراهیم ڕێئیسی سەرۆک کۆماری ئێران ئەمڕۆ دووشەممە دووپاتیکردەوە، کە سەرۆک وەزیرانی عێراق کار بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئێران دەکات.

ڕێئیسی، لە میانی کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە تاران وتی: پێیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران پێشکەوتنێکی گەورە بەخێیەوە دەبینن، ئاماژە بەوەشکرد" سەرۆک وەزیران کار بە جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە ئەمنییە دەکات کە لێنێوان عێراق و ئێران واژۆکراوە.

سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێران سوپاسی حکومەتی عێراقی کرد بە پەرەپێدانی پێیوەندییە ئابووریەکانی نێوان هەردوو وڵات و بەستنەوەی هێڵی ئاسنین و ئاماژەی بەوەش کرد کە گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆک وەزیران سەبارەت بە دۆخی غەززە ئەنجام دەدرێت.

هەروەها وتی: عێراق و ئێران هێوەستی هاوبەشیان هەیە سەبارەت بە پرسی فەلەستین، وقەوارەی زایۆنی دوای ئەو شکستەی کە تووشی بوو، داماوە.

ڕەئیسی ئاماژە بەوەشی کرد کە دەبێت ئاگربەست ڕابگەیەندرێت وتاوانەکانی قەوارەی زایۆنیستی ڕابگیرێن و یارمەتییەکان بگەیەنرێتە غەززە، و هەرکەسێک پشتگیری لە قەوارەی زایۆنیستی دەکات،

بەشدارە لەو تاوانانەی کە لە غەززە ئەنجامی دەدرێت.

لەدرێژەی وتەکانیدا راگەیاند: قەوارەی زایەنیستی تووشی شکستێکی گەورە بوو لە غەززە، دووبارە سوپاسی سەرۆک وەزیرانی عێراق کرد بە هەوڵەستەکانی بۆرامبەر بەپرسی فەلەستین.